سودانی:عێراق خوازیاری دەرچونی خێرا و ڕێک و پێکی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکایە لە خاکەکی

محەمەد شیاع سودانی، سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕایگەیاند، عێراق خوازیاری دەرچونی خێرا و ڕێک و پێکی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکایە لە خاکەکی لە ڕێگەی دانوستانەوە، بەڵام وادەی کۆتایی دیارینەکراوە.

محەمەد شیاع سودانی لەو نوێترین چاوپێکەوتنیکدا ڕایگەیاند، عێراق خوازیاری دەرچونی خێرا و ڕێک و پێکی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکایە لە خاکەکی لە ڕێگەی دانوستانەوە، بەڵام وادەی کۆتایی دیارینەکردوە بۆ کشانەوەی ئەو هێزانە.

سودانی بونی ئەو هێزانەی لەسەر خاکەکی بەهەڵکارێك بۆ ناسەقامگیری لە ژێر ڕۆشنایی کاردانەوەی ناوچەیی شێی غەززە وەسف کردوە.

سودانی لە چاوپێکەوتنەکەیدا باسی لەوەکردوە، پێویستە ئەم پێوەندییە ڕکبخرێتەوە بۆ ئەوەی ئامانج و پاساوێک نەبێت بۆ هیچ لایەنێک، چ ناوخێیی بێت یان دەرکی و عێراق نەکرێتە گۆڕەپانی

یەکلایی کردنەوەی ململانێکان.

لەبارەی چۆنێتی دەرچونی هێزەکانی ئەمریکا لەناو خاکی عێراق، سودانی دەڵێت، "دەرچونی ئێو هێزانە دەبێت لەگەڵی دانوستانەوە بێت".

بانگەوازە درژخایەنەکانی گروپە چەکدارەکان کە زەربەیان شیعەن و زەرەکیان لە ئێرانەوە نزیکن بە رێشتنی هێزەکانی هاوپەیمانی نەودەوەتی لەناو خاکی عێراق بەردەوامی هەیە،
لەوەتەی شەڕی نێوانی ئیسرائیل و حەماس دەستپێکردوە ناوە هێرش دەکرێتە هێزەکانی هاوپەیمانی نەودەوەتی، لەو وەڵامیشدا هێزەکانی ئەمریکا زنجیرەیەك هێرشی کردوەتە سەر گروپە چەکدارەکان لەعێراق و سوریا، کە هەندێکیان بەشێکن لە هێزی ئەمنییە فەرمییەکانی عێراق.
ئەو هێرشانە کە لە وەڵامی دێیان هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و موشکی بە سەر هێزەکانی ئەمریکا لە دوای دەستپێکردنی شەڕی ئیسرائیل بە سەر کەرتی غەززە، ترسی ئێوە دروستکرد کە عێراق جارێکی دیکە ببێتە گۆڕەپانی ململانێیەکی ناوچەیی.